وەزارەتی ناوخۆ پەبجی و فەرتنایت و رۆبلۆکس لە عێراق قەدەغە دەکات



بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند، وەزارەت بڕیارداوە یاریە ڤیدیۆییەکان کە هانی تووندوتیژی دەدەن قەدەغە بکرێت.

هەنسور عەلی، یاریدەدەری بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق بۆ کاروباری پۆلیس لە لێدوانێکدا کە ڕاژانسی موتەبع بۆدواداچونی بۆ کردووە ووتی: لە چەند مانگی داهاتوودا یاریە ڤیدیۆییەکانی وەک ئاسایشی لەسەر مەترسی بوونتە پێیی بۆ ،هادگیرن و دکرن قەدەغە Roblox و Fortnite و PUBG کەمەڵایەتی و بەفیدانی پارە و کاتی منداڵان و هەرزەکاران.

هەنسور عەلی ئاماژەی بۆدا کە: "قەدەغەکردنی ئەم یاریانە لەسەر بنەمای یاسای ژمارە 2ی ساڵی 2013 دەبێت کە هاوردەکردن و بڵاوکردنەوەی مەمەکردن و فرێشتنی ئەو یاریانە قەدەغە دەکات کە هاندەری تووندوتیژی و یاریە ئاگرینەکان کە هەڕەشە لە ئاسایش دەکەن".

یاریدەدەری بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق ڕوونیکردەوە کە: "لەسەر داوای وەزارەتی بازرگانی،

لێژنەی نیشتمانی هەمیشەیی بۆ ڕەکخستنی چەک لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بۆ هەماهەنگی لەگەڵ پۆلیس و خزمەتگوزاریە ئەمنییەکان، هەوڵەتکی بەرفراوانیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی یارییە ئاگرینەکان و کۆلوپۆلی تۆندوتیژ دەستپێکردووە".

بەپێی ئەو یاسایی پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەرکەسێک ئەم یارییانە هاوردە بکات، بڕەمبەهەنێت، مامەڵەی لەگەڵدا بکات، یان بیفرۆشێت کە هاندەری تۆندوتیژی یان یارییە ئاگرینەکانی مەترسیدارە، سزای زیندانیکردنی زیاتر لە سێ ساڵ یان غەرامەکردنی بۆ بڕی ١٠ ملیۆن دیناری عێراقی دەدرێت.

مەنسور عەلی ڕایگەیاند: "ساڵی ڕابردوو زیاتر لە تەنێک دەستی بەسەردا گیراوە، ئەمساڵیش تا ئێستا لەنێوان 4 بۆ 5 تەن یارییە ئاگرینەکان دەستی بەسەردا گیراوە".

بەو وتەی ئەو بڕپرسە، ساڵی ڕابردوو زیاتر لە 200 کەس بەهۆی یارییە ئاگرینەکانەوە بریندارببوون، هەندەکیان بە سەختی بریندارببوون.